کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-4-2007 22:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## توونی حەمام کۆنسرێتەر ... ئەحە ملۆزم

یا ڕەبی خوایە لە حاجییەوڕەحمان بە زیاد بێ کە سەروکاری ئەم حەمامەی پێ سپاردووم، خوا نەیبڕێ لەگەڵ حەمەفەرەجی توونچی و عوسمانەفەنگی عەریزە نووس و کەریم بەگی هەمەکارەشدا وەک گوێی کەر جووتین و لە چاوی بەد بەدووربین، موو بە بەینماندا ناچێت. ئێ لەم ڕۆژگارەشدا چی لە هاودەم و هاوڕێی ڕاست و دڵسۆز باشترە؟ خۆ جارێ کەریم بەگ خوا دەست بە ماڵ و عومرییەوە بگرێ، وەک کارتی جۆکەر و بەرنامەی بەرنامە، بۆ هەموو دەردێک دەرمانە!

قورعان بە هەقت، کام کاری سەخت و پڕ گرێ و گێچەڵە، بە یەک تەلەفۆن یان سەردانێکی سەرپێی کەریم بەگ، وەک هەڵوا و محەلەبییەکانی چێشتخانەکەی سلێمانی پالاس، سووک و هاسان دێنە ڕایێ!

- کاکەعمەد سەلامو حەلەیک
- ئەی سەر سەرو سەرچاوەکەم خارە سمایل، وەڵاهی لە دوێنێوە هەر لە خەیاڵمدا بووی
- خودا حەمرت درێژ کا بابم، ئەتو کوی؟ دۆست و برادەران کونە؟
- لە سایەی خواوە هەموو باشن. خوا ئیزانێ لە خۆشیان دەڵێی زەوییەکانی دەباشانیان لەسەر تاپۆ کردووم، ئەوەندە بە تەشریف هێنانت گەشامەوە. جا ئێستە کەریم بەگ و جەماعەتیش دێن، مەجلیسەکەمان گەرم دەکەین
- بەخودای بابم عەوسەلەی مەجلیسم نەمایە
- بۆ خارە؟
- لێم قەومایە بابم، ئەوە هاتیمە عیلاجەکم لۆ پەیدا بکەن!
- یا ئەڵلا خێر، چی قەوماوە
- بابم لۆ خۆت دەزانی ئەمن ئەگەر عەیرانی نەرێم، دەمرم
- جا وەڵلا حەیران وتن هەر لەخۆت دێ، ماشەڵلا دەنگت بەلاوەیە
- نەما بابم، مەمنوحیان کردیە!
- چییان مەمنوع کردووە؟
- عەیرانیان مەمنوح کردیە، دەرێن نابی!
- چۆن چۆنی؟
- لۆت دەرێم، جارێ با جگەرەکی پێکەم، زەعمەت نەبی چایەکیشم لۆ تێکە
- فەرموو ئەمە چا و ئەوەش جگەرە
- قوربانی دەستت. بابم، ئەمن ئیوارانی بەهاران و هاوینان دەچوومە سەر قەراتێ و عەیرانانم دەگوت.
- وایە
- پێرێ چوومە وێندەر، گوتیان لێرە مەمنوحە، قەراتی نۆژەن دەکەینەوە. ناچار چوومە ڕێگەی مەسیفی، هێشتا بەیتەکەم نەچڕی بوو، عیمایە دەوریان گرتم گوتیان کوو لە نزیک قەسری کاک فازیلی عەیران دەرێی؟ ئەتوو نازانی کاک فازیل ئیزعاج دەبی؟
- ئێ دوایی؟
- گوتم بچمە مەسیف و شەقراوەی. بەسەری تو هێندە عیمایە و هیزی تایبەتم وە سەر ڕژا وەم زانی لەشکری تورکیا هجوومی کردیە، هەر بەخۆم نەزانی کوو هەراتم
- جا ئێستە دەفەرمووی چی؟ من چیم پێ دەکرێ؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

- وەڵاهی درێم بزانە لەو ناوەی جێگەکەم لۆ پەیدا ناکەی لۆ خۆم عەیرانی تێدا بریم
- بەخوا زەحمەتە خارە!
- لۆ؟
- خارە گیان، عەرزی با حزووری با سەعادەتت بکەم، لێرەش لە دەورو بەری سلێمانی پالاس و ئەزمڕ پالاس و دەباشان و تووی مەلیک و گردەکە و ماڵی هین، نابێ بە جگە لە گۆرانی و موسیقای دیسکۆ و کلاسیک و جار جاریش کازم ساهیر و موعین و هایدە، هیچ دەنگە دەنگێک بێت.
- ئەی لۆ نەچمە هەرەبجەی؟
- لەوێش لە تەرتیلی قورعان و مەولایەسەلی بەولاوە نابێ جیرەی دەرگاش بێت!
- ئەدی چارە؟
- بەخوا خارە سمایل دوێنێ لالە مارف لە گەرمیانەوە هاتبوو، گوایە لەوێش هۆرەی جافی قەدەغە کراوە، سبەینێش بڕیارە سەلاح داوودەش لە کەرکووکەوە تەشریف بێنێ، چونکە لە بەرخاتری دڵی ناسکی برا تورکمانەکانمان قەتار و ئەڵلا وەیسیان ئیلا ئیشعارون ئاخیر، لەوێ قەدەغە کردووە!
- یەعنی من تەنێ نیمە؟
- نە شوکر، جا ئەگەر پێتان باش بێ، توونی حەمامەکە دەڵێی ئەشکەوتە، بۆتان ڕێکدەخەم، بۆ خۆتان هەر حەیران و هۆرە خاوکەری تیا بچڕن تا خوا هەقتان دەسێنێ!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.